لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی
لقی کەرکوک
کتێبی ڕۆژنامەی سێبەر ٢١

شیعر

# نەرمە سەمای کۆچ

عەباس جەمیل جێماو

کەرکووک.........٢٠٠٩



* ناوی کتێب: نەرمە سەمای کۆچ
* بابەت: شیعر
* ناوی نووسەر: عەباس جەمیل جێماو
* دیاری ڕۆژنامەی سێبەر ژمارە (٢١)ی
لقی کەرکووکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی
* سەرپەرشتی زنجیرەی چاپ: حەمە سەعید زەنگنە
* تایپ و دەرهێنانی هونەری: عەباس جەمیل
* تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانە: ئاراپخا – کەرکوک

چاپی یەکەم – ٢٠٠٩
کەرکووک

## پێشکەشە

- بە.. ئەحلام مەنسوور.
- بە.. "سمکۆ محەمەد و عەتا محەمەد"ی برام.
- بە.. سمۆرە دان برنجییەکانم.
- بە.. تۆ، کە هەموو بێ عارییەکتم لا جوانە!

# پێشەكی

خۆ نووسینەوە لە دوو توێی تێكستێكدا، سا با ئەو دەقە لە ژێر هەر ناونیشان و هەر بیانوویەك بێت شتێكی وا ئاسان نییە، بە تایبەتی خۆ نووسینەوەی ئەو لەحزە سایكۆلۆژییانەی، كە كەم كەس هەیە جورئەتی بكات، لەگەڵ خودەكەی ناوەوەی خۆی راستگۆ بێت و بیدركێنێ.

رەنگە نووسینەوەی یادەوەرییەك لە گرەوی ئەوەدا بێت، كە شاهیدەكانی دەورو پشت، یان ئەو كارەكتەرانەی نێو چیرۆكەكان قەناعەت بۆ خوێنەر كەڵەكە بكەن، بەڵام جێكردنەوەی هەست لە





نێو سیاقی رستەو پەڕەگراف و دواتر لە جوگرافییای دەقێكدا، كارێكی دژوارتر لە رەگەزەكانی تری ئەدەبەوە، بۆمن ئەمە یەكێك لەو مەترسییانە بوو، كە زۆر لە مێژە تخوبی بۆ دروست كردبووم یان بە مانایەكی تر شەرمێك بوو كە نەمدەوێرا ئەنەرژێك، كە خۆم هەستم پێ كردبوو، نمایش بكەم و چاوەڕێی وەڵامیش نەكەم.

وەكو ئەوەی كە زانیومە لەحزەی شیعری شتێكی ئاسان نییە كۆی بكەیتەوە، هەر وەك چۆن شتێكی ئاسان نییە بتوانی دەقە و سەعات و رۆژ و مانگ و ساڵ، دیاری بكەیت و بڕیار بدەیت، ئەو كاتە مەبەستی خۆم ئەنجام دەدەم نەخوازە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ وشە گەلێكدا كە زمانێكە جیاواز لە زمانی دایكم، جیاوازتر لەو زمانەی، كە رۆژانە قسەی پێ دەكەم.نامەوێ كایەكەش رەزیل بكەم، ناشمەوێ وەها گەورەی بكەمەوە كە ناوی لێبنێم داهێنان، هەر وەك چۆن ئێستا ئازادی نووسین و رادەربڕین هەیە و بڵاوكراوە زۆرن، هەر كەسێك هەڵدەستێ تێكستێك دەنووسێت و بۆی بڵاو دەكرێتەوە..! لەگەڵ تێكستێكی دەگمەن هاوشانی یەكتر دەكرێت، ((مام هەژار گوتەنی " داڕ و جان و برنج تێكەڵ بە یەكتر بوون")) بەڵام دەمەوێ لەگەڵ خۆمدا راستگۆبم و لەحزەكانی خۆم بە فیڕۆ نەدەم،

بیدەم بە لەحزەی شیعری، ئەگەر شیعر ئەوەندە بە ئاسان وەرنەگرین.

چونکە ئەو لەحزە شیعرییەی کە دەمەوێ قسەی تێدا بکەم، دەمتوانی پێشتر گینگڵی تیا بکەم مەبەستم لە منداڵیتی شیعر نییە، چونکە ئەدۆنیس "منداڵیتی شیعر و شیعری منداڵی لە یەکتر جودا دەکاتەوە، بۆیە تێکەڵی ئەو نووسینانەم نەکردووە کە پێشتر نووسیومن.

ئەگەر وامانیش دانا لەحزەکانی ژیان کاتێکی کەمتری دەوێ بۆ تۆمار کردن، بەڵام لەحزەی شیعری لەلای من وەها کەوتۆتەوە، کە نووسینەوەیان دژوارترین، نایشارمەوە کە هیچ کات بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە لە سەردەمی هەرزەکاریشمەوە، لە یارەکەم جودا ببمەوە، بەشیعر تەعبیری لێبکەم، ئەوەش ناشارمەوە، کە بیرم لەوە نەکردۆتەوە، کە رۆژێك دێت لەحزە سایکۆلۆژییەکانم ببن بە شیعر، چونکە من سەرمایەیەکی وەهام نەبووە، کە لە نێو گەمەی وشەدا شیعر بکەم بە کەرەستە، ئەمەیش هەڵچوونێکە، کە دەبوو بنووسرێتەوە، بەڵام لە بری ئەوەی خراپ کەڵکی لێوەربگرم هەوڵمداوە باش کەڵکی لێوەربگرم، بۆیە بەم درەنگ وەختە، کە دەستم داوەتە شیعر نووسین و هیچیش پەشیمان نیم، ئەگەر زەمەنیش کەمێك یان چەند فرسەخێك لێم دوور کەوتۆتەوە.





سەرەنجام ویستوومە لە بری ئەوەی بەرد بگرمە ئینجانە، گوڵێکم تیا چاندووە، لەبری ئەوەی لە خەڵك تووڕە بم و بییانگرێنم، خۆم گریاندووە، لەبری ئەوەی چاوێکی سەوز بە حەسوود بزانم، هەوڵمداوە چیتر ئەو بۆقانە نەگرێنم کە منداڵان بە گاڵتە بەردیان تێدەگرن، لەبری ئەوەی داوای شەرمنی بکەم بۆ ژن، هەوڵمداوە هاروهاجی ژن پەسەند بکەم.

لێرەوە دەمەوێ لە دووتوێی ئەم چەند تێکستەدا، بەنیازم قورساییەك، کە پێشتر خستبوومە سەر شانم، بە پێچەوانەوە شانی خۆمی لێ خاڵی بکەمەوە، چاوەڕێی هیچ دەست خۆشییەکیش ناکەم، گرنگ ئەوەیە ترسم لە خۆم دوور خستەوەو کەمێکیش لە ئاژاوەی ئەدەبی خۆم نزیك کردۆتەوە.

**عەباس جەمیل**

**٢٠٠٩/١/١**


وەرزی زامێکی چاو سەوز

دادەم..

بێزاری کردووم..!

پایزان وڕک دەگرێو

هێشووە بەرسیلەی دەوێ..!

ڕۆڵە تێر بگری..

دیسانەوە "شەو"ە گریان یەخەم بەرنادات

دادەشم هێندەی وت، بگری..

خەریکە خوی پێوە دەگرم..!





ئەزیزم..

منێك، کە لەرەنگی چاوت نیگەران بم

ئیتر چۆن نەگریم..!

خاوەن شکۆکان..

ئارامی نابەخشنە شەقامە تینووەکانی

مەملەکەتی خۆر..

دەستیان هەمیشە لە گیرفانیانە..!

مانیان گرتووە..!

*  *  *

وەرزێک هاتووە..

درەختەکانیش، یاخی بوون

کۆچ کۆچی، لە ناکاوی نێرگزە پایزە..!

رق بوونەوە لە..

حەریر..

بۆق..

چاوم..

کورسی خەم..!

*   *   *





ئەم وەرزە..

دڵنەوایی دەوێت

دڵنەوایی..!

داوای پاک بوونەوەی ساویلکە خڵەفاوەکان دەکات..!

یاخیو دابڕاوە..

سەری..

لە خۆر و من و مانگ ..

دەسەڵاتی خواروو..

دایک..

پلیکانە و مار..

نێرگز و خۆی و  درەخت..

سوڕماوە..!!

درەخت..

درەختە مانگرتووەکانی وڵاتی خوێن..!

بڕوانە..

گەڵا خەنەییەکانیان، چۆن تۆراون و

خۆیان هەڵناوەرێنن..!

نیگەرانی گەڵای نوێن..!

شەرم گرتوونی..

دەیانەوێت..

دڵی "داوێنە" جەرگ سووتاوەکە

شەق بکەن و

پێش هاتنی وەرزی ئەستێرە عاشقەکان

خۆیان زیندە بەچاڵ بکەن..!

* * *





هەر دوێنێ..

گوڵە نێرگزو کۆچ

خۆیان لە یەکتر موتربە کرد..!

گەراکانیشیان..

بڕیاری کۆچێکی ناوادەیان دا

هەنگاوەکانیان توندتر کرد..

بۆ دەڤەری جەهالەت..!

تاکو باڵای بەرزیان

لە توینیا، بە رەشی بڕوێت..!

* * *

هەر ئەم وەرزە..

دۆزەخی پێ ناساندم و

هەندێ شیرینتری کرد..!

ئەڵێن..

حەریری بەهەشتە خوداییەکان

لە رەنگی چاوت دەچن..!





بۆیە منیش

شەوانە..

مۆبایلەکەم خامۆش دەکەمەوە..

بێزارم لە زەنگە ناوادەکانی و

ژمارە تۆقێنەرەکانی تینووانی مەرگ..!!

دەزانم..

مەلا بانگدانیش دەست نوێژم پێ ئەشواتەوە..!

دەمەوێ..

دوا دەستو پەنجەی پیرۆزی یارانی دۆزەخ

ماچ بکەم..

ماچ..

بۆ فیزەیەی قیبلەنومای ئەوێ..!

ناشمەوێ..

چیتر بۆ ئەو بۆقانە بگریم

کە منالأن بەگاڵتە بەردیان تێدەکرتن‌و

ئەوانیش بەڕاستی دەمردن ..!

بەفریشم خۆشدەوێت..

باران بەستترم دەکات..!





پار..

بۆ دڵۆپە بارانێک..

پێشەنگی منالأنی گەڕەک بووم

لە کەرنەڤاڵی بووکە بەبارانە..!

ئێستا..

وشکە ساڵی..!

چونکە..

حەزم لە قەرەخەرمانە..!

ئەوانیش..

شەراب..!

دادەشم..

جگەرە بەدوای جگەرە دادەگیرسێنێ

دڵیشی تەنها..

ئەڵهای، توتن‌و

چایی بۆندار دەکات..!

گەر هەنگاوەکانم زووتر هەڵنەگرم و

بۆی پەیدا نەکەم

شار بەجێدێڵێ..

لەوانەشە لە قوڕو لیتەی پێش ماڵەکەمان

خۆی بگەوزێنێ..!





ئەو دەڵێ..

چیتر چایی سەوز ناخۆمەوە

دار مێوەکە تینووتر دەکەم..!

رقیشی لە سیم کارتێکە

دوو جار ژمارە چواری تێدا بێت..!!

ئەو ئۆتۆمبێلە بێ ژمارانەشی

"مەرگ"ەمووش دەگوازنەوە

خەریکە شێتی دەکا..!!

ناشزانم..

"مارەكان" بۆ گیریان خواردووە..!

به رۆژ..

بەو هەموو كەژە جوانانە

قایل نین..!

به هیچ تێر نابن..!

کەچی شەوانەیش

حالْ له خۆیان دێنن..

بۆ قومێك ئاوی زەویە سووچەكانی بەهەشت

نوزەیان..

دەگاتە لای خوا..!

*      *      *





لەم وەرزەدا..

مانگ..

زۆر نیگەرانە..

له حەژمەت ژانە سکیدا

داوای كورتاج له مامانە قژلوولەكەی

ئیبلیس دەكات..!

خۆریش..

پشتی لێکردووەتەو

به بزەیەكەوە..

دەڵێ..

هەتا كچە چاو سەوزێك بۆ "هابیل" نەدۆزمەوە

ورتەم لێوە نایات..!

*      *      *

ئای خودایە..

دەبێ لەم بازاڕی پڕ لە موزایەدەدا

کەی ئاڵوێری

کەنیزەو چاو..

کورسی بە ئێسك..

تاجو عەنگەر..

سڕبێت..!!

تاوەکو چرۆکان لە شەقامەکاندا

خۆیان بپشکنن و ئاوێزانی جمگەکانیان بن..!





کە لە نێو بوخچە گرێ کوێرەکەدا

بە گریانەوە..

هەواڵێکی سەوزی

دایکە عاشقەکەیان بۆ هێنام..

کە بە نیازە ئەوان لە بار ببات..!!

ئەوەی دەمکوژێ..

سەوداکردنی پرچی ژاکاویانە ..!

بۆیە..

چیتر ناگریم دادە گیان.. نا

چاویشم خۆش ناوێت..

دەعباکانی خوارووش..!

با جوانتر نەبن

چونکە..

لە چاوە سەوزە بێشەرمەکانی ئەو

دەچن..!


هەرێکی تر بۆ گەڕانەوە

مەرگ..

بۆ خۆی.. وەرزێکی تاقانەیە، قوربان

ڕەنجی دەویٚ..!

ئەیەوێت..

کانگای "یاقوت"ەکانی ئەودیوی "لەپ"ی خۆرم پیٚ بفرۆشیٚ..!





زیندووبونەوەش..

زەنگی سپێدەی گەڕانەوەیە

هەڵدانەوەی هەتوانی زامە شیرینەکانە، ئەزیزم

ڕێزی دەوێت..!

بۆنی جەستەی خوێناوی

کۆڵانە خوارینەی سنگی داوێن و

مەمکی ڕاستی زەردەوەبووی

چاو سەوزم بۆ دێنن..!

دەزانی..

وەرزە تاقانەکە..

بازاڕی گەرمتر بووە لە دوێنێ..!؟

گوڕتر لە نەشئە بەخشی لەرەی مەمکەکانت..!

لە شەرابە "سوور"ەکانی هەناسەبڕکێی

سەر مێزە سەرابییەکانی دانوستان..!

*    *    *





مەرگ..

مەرگ "دابڕان"ە

دابڕانیش..

خەونی لە مێژینەی منالیمە، قوربان..

من کڕنۆشی بۆ دەبەم

کڕنۆش..!

کاتێ "سوکرات"ی پیر،

لە هزریان دابڕاند

گەنجترو گەنجتر..!

"مۆزارت"یش بلیمەت و..

رۆحی خستە بەر نۆتە ساردەوە بووەکانی

گۆی..

ئەم دەڤەرە بۆگەنە..!

فێرە ماچی کردن..!

*    *    *

دابڕان..

نوقمبوونی لەزەتی

کەنارەکانی ئەستێرەو

سێبەری هێلانەی پەرەسێلکەی حەزەکانە، ئەزیزم..!

دابڕانت..

بووە مەرگی جەستەی شەکەتی

ئەلفـو بێ..

لە هزری مناڵە قەرەجەکانی سنووری

مەملەکەتە بێ نەواکەم، قوربان..!





دابڕانت..

فێرە گریانی کردم...

تۆش..

بوویتە هەناسەو

شۆخانی گوڵ فرۆش..!

ئەوانیش..

دابڕان لە ئاگر..

ڕۆژانی بەرخودان..!

* * *

مەرگ..

مەرگ "کۆچ"ەو..

کۆچیش..

خەزانی سۆزی تابلۆ تەماوییەکانی

سەفەر و

هێشووی خەمەکانی نێرگزم بۆ دێنێ..!

*     *     *





کۆچ..

دیسانەوە کۆچ..

کۆچت بۆ من مەرگی شارێکە، ئەزیزم..

وەرزێکی تاقانەیە..

سپێدەی هەڵدانەوەی هەتوانی زامەکانەو

رووەکی رۆحم لە بن دێنێ، قوربان..!

*     *     *

هاوڕێ..

چایە سەوزەکە لێنە، کاتی هاتووە..

نۆرەی تۆیە..!

دواتر پرۆڤەکەت تەواوکە..

وێنەیەکی تێکستی شانۆییەکەشم دەوێ..!

تۆخودا بێڵە..

دووکەڵەکەی لەسینەمدا بتاسێنم..!

بیریشت نەچێت "سێو"ێک بۆ سمۆرە دان برنجییەکە..!

*　　*　　*





ئێستا..هەناسەکانم..

بۆنی ئارەقەی نێو لەپی "شۆخ"ەی لێدێ

دڵم لە هەموو دەم زیاتر

ئەڵهای نەرمە سەمای جێژوان دەکات..!

هەموو بێ عارییەکیم لا جوانە..!

شەوانە..

من.. و

پەری.. و

سمۆرە فیردەوسییەکانی کەناری سۆز..

نزا دەکەین..

بۆ وەسڵی ئەو..!

*　　*　　*

وەرە ئەزیزم..

وەرزە تاقانەکە ببینە..!

بڕوانە..

یاقوتەکانی ئەوێ..

قەتماغەی سووریان پێوە دیار نییە..

دڕکەکانیش..

کورتە باڵان و

پەنجەکانیان لە زگماکەوە گۆجە..

فرمێسکی شادی گوڵە هەتیوەکانی نیسان

کۆدەکەنەوە..!

بۆ تەڕ کردنی..

باڵای نیرگزە کۆچکردووەکانی

وەرزی زامێکی چاو سەوز..!





ئەم وەرزە..

تاقانەو بێ پەردەیە

هەموو شتێکی..

لە جوانی، مەرگی "یارانی ئەشکەوت" ئەچێ، قوربان..!

نە.. خاچی پێوە دیارە

نە.. سیمای بەهەشت..!

پڕە، لە غەزەل..

لە دەف..

گیتارەکانیشی..

زۆر شەرمنن..

چۆنت بوێ

ئاوها دێنە دەس..!

بۆنی دەمی رووبارەکانیشی

لە نەسیمی هەناسەی سۆزت ئەچێ، قوربان..!

نەمامی "گەنمە شامی"یە گەڵا سەوزەکانیشی..

هەر وەکو ..

میوە یاخی بووەکانی رووناکی چاوانتە

کە خووت پێوە گرتوون و

گڕەت بۆی دێ..!

* * *





ئێرە..

هێند نامۆ نییە..!

قوژبنی دیوارێکی "عەرعەر" ناهێنێ..!

ئەم دەڤەرە..

کچێنییەو

خەونی دوا رۆژی تێدا نابینم..!

لێرە..

قژی سەری "رەش مارەکان"

بەسپێتی نابینم ..!

بابوجەکانی ئەوێش..

پاژنەی خۆیان نادڕن

بۆ پێیەکی تر..!

وەکو ئەمان..!

لەوێ..

"پەری"یەکان، "کۆچ"ی بەرژەوەندی ناکەن

هەرگیز..

کەژاوەی تاسێنراوی عاشقان

مۆمیا ناکەن و

پەیڤە تۆمارکراوەکانی ناخیشیان

ئەبەد..

بە حەزەکانی بەهەشت ناگۆڕنەوە..!

ئەستێرەکانیش..

هەر لەوێ نما دەکەن

تیشکی "خۆر"یش

تینی کەمترە لەوێ..!!





قوربان..

مانگ بەو هەموو جوانییە..

دەمێکە..

داوای پەنابەرێتیان لێ دەکات

هێشتا قایل نابن..!

کەچی..

بۆ سارێژی تلۆقەی زامێکی گلێنە سووتاوەکان..

هەموو دەست بە نزان

حەیرانت دەبن، ئەزیزم..!

هاوڕێ..

خەریکە ڕەنگی ڕۆحم

بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوا

ژێیەکانی "عود"ەکەشم پێ کۆک ناکرێت..!

چییە "چا"کەت بۆ ساردە..!؟

دەزانی، فەریکە سۆزەکانی مەملەکەتی دڵە هەڵقرچاوەکەم

دیداری مەرگێکی ئەبەدی دەویٚ..!؟

گەڕانەوە..

بۆ باوەشی تابلۆی بەفریینی مەست بە شەراب..

بۆنی قژی زەردی شۆخی بارمتە کراو..

پیاسەی دەمەو ئێوارە عەسرێکی شەقامی سیروان

فڕێدانی پیاڵە چایەکی ژێر منارە لارەکەی گەڕەکی هەرزەکاریم

چۆڕیٚ سۆزی..

ڕۆژە پرتەقاڵییەکان..!

هەناسەیەکی ئۆخەی

مـــــــــاچ..!

*   *   *


سەوزەکان

کە هاتیەوە
بەبیَ حیلان بۆ چەند چرکەیەك..
یاخیبەو
لە پالّ درەختە گەلاّ خەنەییە داتەپیوەکەی
ژێر هێڵی ئاسنینی..
نێوان تسن* و خورماتوودا..
پشوویەك بدە..!

* تسن: گەڕەکێکە لە کەرکوك





لە سێبەری ژنە مەمك زەردە بێدانەکەیش..
چەند جگەرەیەك پێکە..
لە بارانیش نەترسی
خۆت مەشارەوە..!
ئێوارەی هەمان رۆژیش
برۆ پەنای مەزارگای بەندە چاکەکان
زمانت بە زیکری شێتانەو
شەپۆلی عیشقە خوداییەکان
رابێنە..
دۆزەخیش دوورخەرەوە..!

هەرچی هەتوانی زامی بەردی سووری چەقیو و

هەسارە چاوکزە سەوزەکانی

رووبارە زیخاڵییە لیتاوییەکەش هەیە

ماچ بکەو

شەرمنانە بیانشۆرەوە..!

ئەوان..

ناسنامەی عیشقە جوانەمەرگەکانن..!





ئەگەر وەرزەکەشی بێ بارانی بوو

رەشماڵی کچە قەرەجێکی بێ هۆز...

بێنەو..

شەوانە لەژێر پەرچەمی بێژنگینیدا

بەر لەهاتنی وەرزی

ئەودیوی خۆر..

ئێشک بگرە..!

چاوەرێی شەونمە بارانی..

پەڵە هەوری فرمێسکە تەماوییەکانی زرڕدایکەکەم

بکەو..

کەرنەڤاڵی بووکە بەبارانە بگێڕە..!

ئاڵتونە سپیەکانیشت..

لە گەردنی مناڵە هەتیوەکانی ئەو دەڤەرە ئینسانییە

بنێ..!

تاکو دوا پیتی ناسنامەی عیشقمان دەبوژێتەوە...

هەر زیکر بکە..!!

خۆریش بکە هاوڕێی چاوەکانت‌و

ئاگریش

هاودەم..!

* * *





کە هاتی..

هەندیك شەرمنبە..!

لە نزیك ساباتی ماچە پەمەییەکان..

بێ لە شەققەدانی باڵ

شوێن پێ‌و هەنگاوی سەرەڕۆی

کوکوختیە تاقانە..

تارکراوەکەی بەختم بکەوە

بەپێ خواسی..!

هەوڵی سڕینەوەی
ئاسەواری..
هەناسە حەرامکراوەکانی جێژوانە سەهۆڵبەندییەکە
بدەو..
دێڕ بە دێڕی
حەزەکانی عاشقیش
بۆ هەتایی لە گڵ بنێ و
چۆڕی شیری ژنە سوزانییەکی پیاکە..!





بیریشت نەچێت..
نەوەکو دوگمە نارنجیەکەی سەر سینەت ترازابێت
هێشتا..
تەرمە وشک بووەکانی پەستر پێرێ
چاویان دەکزێتەوە..
لە تارمایی دەچن..!
بە ئاسپایی..
مشتێ ئاردی توێکڵە هەناری سەوزیان
پیاکە..
لە ڕەنگی چاوت بچێ..!

هەر لەوێ..

بە برژانگ‌و پێڵوە نەرمەکانت

کەژێک لە گۆیەکانی مەمکت بڕنەوە..!

نەبادا..

نۆبەرەی ئاوێزانبوونی هەناسەی مەجبوری

باڵیان لێ بڕوێ و

یاری بە کاتژمێرەکان بکەن..!





منیش..

بۆ کرووزی هەناسە تەلبەندکراوەکانی پێرێ شەوی کریسمس

دەکەمە پەلکە زێڕینەو

سیمای جێژوانی پێ ڕەنگ دەکەم..!

هاوکات...

پێنج کاسە مۆمی ئاگرین لە ژوورەکەی پشتەوە

پێدەکەم و..

تۆش..

پێنج دەسکە نێرگزی مەستکراو..!

من..

یادی هەناسە تەزیوەکانی رۆژی ڤالانتاین دەکەمەوە..

تۆش..

ستیانە وەنەوشەییەکەت توندتر بکە..

نەبادا لە بەرە بەیانی ئاوێزانبوونی پەنجە نەرمەکان

دیسانەوە لە خۆشیا ببورێیتەوە..!!

هەر لەوێ..

قامەت دەبەستین قامەت..!

نوێژی پاکانەی

رۆحە روتبووە بەهەشتییەکانی سۆز..!

هەرچی کانی ژنانی گوندە سەرابییەکانیش هەیە..

لە دەڤەری شین پۆشەکان

دەگەڕێم..

بۆ دوزینەوەی ئەڵقەی دەسگیرانیمان..!





بەڵام ئەفسوس..

گەر چاوە قلە ترێییەکانیشم بکەم

بەقردێلە

بۆ قژە خاوەکەی شنە..!

هەرچی خرۆکەی خوێنیشم هەیە

ببەخشمە گوڵە گرینۆکەکان..!

لەپیشم چارۆگەی کەشتی گەڕانەوەت بێ..

یەقینم ناگەڕێتەوە..!

چونکە..

لە قوژبنی نامۆییدا

نەرمە سەمای خەونەکانی کچێنییت

گومانی بێ متمانەییت پێ دەفرۆشێ

وادەزانی..

جارێکی تر..

بۆت ناتوێمەوە..!

نا.. ئەزیزم..

هەرگیز ناتوێمەوە..!!


یاخی بوونی میوەکان

ئەمشەو...

رۆحە نوستووەکانی دوێنێ

گەمارۆی سییەکانیان دام و

بێ رەحمانە..

سوزنە چەماوەکانی

پیرێژنە جادوگەرە پێ خواسەکەی ئەو دیو سنووریان

چنی و..

عیشقە گەرمەکانیان پێ لە بێژنگدا..!





ئای..

چۆن چنینێک..

کونەکانی هێندە ورد بوون

کەسمان ئەودیوی خۆرمان لێوە نەدەبینی..!

هەنگەکانیش خەریکی ئاڵوێری ماچ بوون..!

کەرنەڤاڵە کەرنەڤاڵ

کەرنەڤاڵی دراوە...

سەربڕینی عیشقە ئەبەدییەکانە

راوەدونانی هەناسەی ئۆخەی

بە ئەسپە بێ لغاوەکەی هیتلەر..!!

هەر ئەمشەو..

ورچ و فەریک..

دەیانەوێ رێککەوتنی دۆستایەتییەکی

خوێناوی مۆر بکەن و

دڵە سستەکەشم لە مۆزەخانەی بەرلین

مۆمیا بکەن..!





لە کاتێکدا..

چرۆ تەرپۆشە قەتیس ماوەکانی خەیاڵم

بۆ ئاوێزانی..

شیلەی هەناسە بڕکێی رۆژە پرتەقاڵییەکان

گرەیان دێ..!

بێزارن وەک مۆتەکە..!

ده بباره..

شتێک بڵێ..

بۆ بێدەنگی..!؟.

لەم نیوه شەوی پایزه تۆفانییەدا

جەلادی مەرگی تریفەکان..

رووەو مەملەکەتی

دۆزەخە تاکە کەسیەکان

راماڵە...





"ئازاڵە*" ی...

"سیانزه"ی مانگ

"ده" جار راتەکێنەو

"چل" دڵۆپە فرمێسکی پیاکە..!

هێدی هێدی..

بە چپە..

ماچە پەمەییەکانی بیربێنەوەو

چزەی گەمەکان و

گریانی تانگۆ ئامێزی..

سەر گاشە بەردەکانی نێو..

رووباری "هەناره"..!

* ئازاڵە:   واتا کەسی ئاین و ئۆینکەر، کە ژێر بەژێر شت دەکا و گوایە سەریشی بەرزە.

بە سێ پەپوولە سیما پایزییەکەی

حەواش بڵێ..

دڵی سستی زڕ باوکەکەتان..

چەشنی بورکان

لە سینەیدا بە جێماوە..!





حەیف..

چۆن توانیت فرمێسکی گوڵە مۆرەکانی

مەنزڵگای رۆحی "دایە" گیان..

بە دڕکی دار نارنجە کورتە باڵاکەی

ئەو دیوی نیشتیمان..

بسڕیت..!!؟

*　*　*

تەنها وشەیەک..بڵێ..!؟
داوێنی جێژوان..
ژان دایگرتووە..!
خەریکە سیمای تیاترۆخانەکان
لە روومەتە خەنەییەکەی دەپۆشێ..!
دە ببارە...
دڵە، بە نیازە..
چرۆ رۆح سپییەکان
کەرت بکاو
جمگە لافاو ئاساییەکانیشیان..
بە چەقۆ کولەکەی ئەهریمەن
سەربڕێ..!



نەرمە سەمای کۆچ - - - - - - - - - - - - - عەباس جەمیل جێماو

ئای چەندە گێلی..!
ئەی کوندە پەپووی "سەدە" سپییەکان
بڕۆ حەزەکانت بهۆنەوە..
بزمەی قوڵی
گۆڤارە بێ گیانەکەی
دایکیشم..
بە سووراوە سیحرەکەت..
نوقمی دەریای درۆ..
بکە..!!

* * *

ئەی دەزانی..

دەرگای (W.C)یە کانیش

سنگی قیتیان..

لە قاچەکانت لووستر کردووە..!؟

تینووی وشەیکتن..

بۆ ستایشی "ئامێزسوور"..

کوشتنی غەریزەکانی منالیت..!؟

* * *





نوسین

ن.....

بڕوانە قەڵەمە دڕکاوییەکە..!

چۆن رچەڕێکەی "شێخی" لێ ون کردی و

کردیە دەروێشێکی ونبوو ..

بازی بە پرتەقاڵەکانتدا..!

تۆش..

واتدەزانی، نەشتەرگەری

مووە رەقەکانی سەر سینە نەرمەکەت بۆ دەکات..!؟

برۆ..

برۆ پاداشتی

ورێنەی قەڵەمە ساکارەکەشم

سەوداکە..!

سەودایکە بە ئامێری جوانکاری

بۆ نێچیری حەزەکانت..!





نۆبەرەی مەرگ و

هەناسەی زیندوو بوونەوەو

سەیوانە هەڵقرچاوەکەی دڵی..

شنە بای

پەیڤە سەوزەکانیشم..

بکە بەوەهم و

رووخساری دوو دڵیت

مۆمیاتر بکە..!!

بۆ مەستانەکردنی..

دڵی مەملەکەتی دێوە زمەکەی دارستانت..!

**دەزانم... ئەزیزم**

**لەگەڵ راموسینی پەنجە توتەکانت**

**لەگەڵ رەشبەڵەکی نێو کەژاوەی بووکێنیت**

**هەرگیز و هەرگیز..**

**نیگەتیڤی سەرچاوەی جمگی چرۆکان**

**بۆ ساتێکیش لە چاوە بەهاریەکانت..**

**نارەوێتەوە..!!**





**سالأنێکە**

**خوت پێوە گرتووە**

**گڕەت دێ..**

**حەیرانی دەبیت..!**

**تا کڕنۆشی عیشق نەبەیت و..**

**مەمکەکانت هەنگویناوی تر نەکەیت**

**هەر یاخییەو**

**یاخیتر دەبێت..!**

شەوی ٢٠٠٨/١١/١٧

کەرکوک


نەرمە سەمای کۆچ

هەنگاوەکانت..

هەڵقرچانی کەژاوەی پەرییە ئەفسوناوییەکەی

پێ نیشاندام..

کە ئێسکی دەستو قاچە قڵیشاوەکەی

کردبووە کوڵکە زێڕینە

نەبادا..

پێیەکانم..

لە وردە بەردی چۆگەلەی

حەزە شێتەکانم

هەڵکەوێ..!





ئەو.. دەیویست..

گیان بخاتە بەر وەهمەکانم

کە تێیدا جوانیم ون کردبوو!

حەیرانت دەبوو..

تۆش..

هێندەی نەمابوو

پێڵوە شەرابیەکانتت بەدەم "نەرمە سەمای کۆچ"ەوە

بۆ دۆزەخە تاکە کەسیەکان

هەڵوەرێ..!

*   *   *

خەون..

وەهم..

وەهمە شوومەکانی ڕۆژانی کوێرەوەبوو

بیرچوونەوەی سمۆرە دان برنجییەکان و

تارکردنی کوکوختییە تاقانەکەی

نێو هەورەبانی..

ماڵە بێ تۆییەکەم..!





ئەزیزم..

کە هاتییەوە..

چرۆ کریستاڵیە ژەنگ گرتووەکانی کۆنە هەواری سەر

شەستییەکە..

گوڵ ڕێژ بکە..!

جارێکی تر..

ڕۆحی مەستیان بە ئاونگی لێوە سڕەکانت

شێدارتر بکەو..

بۆنی ژوورەکەیش گوڵاو..!!

بیرتە بە چرپەیەک..

روومەتی دیوارە ماکسی زەردەکەیان

چۆن هەڵوەران..!؟

تۆش وەک پەڕەسێلکەیەکی کڕنەبوو

بە دیاریانەوە..

ساتێک مەست و

دەمێکیش بە قاقاو

زەردەخەنەی..

بێچوی مار ماسییە رەقەڵەکان..!

*   *   *





بڕۆ..

لە سەفەرەکەت دوانەکەوی

دەنگیش ناکەم..

گەر هاتو چاوە بەهارییەکانیشت

لە تابلۆکانی "بیکاسۆ"و

نامیلکە ساواکەی "پاندا"ی هەندەرانی ..

تێربوو..

بێزار بوون..

بگەڕێوە..

سەرشیوەنی ئینسانییان بۆ دادە..!

بەبێ دەست نوێژ

کڕنۆشیان بۆ بەرە..!

چونکە..

ئەوان..

نۆبەرەی عیشقی جوانەمەرگمانن

دیاری ڕەحمی ماچە پەمەییەکانەو

دوا یادگاری بە جێماومە..!

بیرت نەچێت

فڵچەکەی "ڤانکوخ"یش بێنەو

بە ئاستەم..

روخساری مۆرەوە بوویان

بسڕەوەو..

دواین سەمفۆنیای "مۆزاتیان" بۆ بژەنە

باڵای سەوزیشیان سپی پۆشکە..!!

*　*　*





جاران..

بۆ داگیرسانی مۆمێکی

پەیڤە سەوزەکان..

مەمکەکانت هەنگویناوی دەکرد..!

ئاخۆ..

بو حەزەکانی عاشقیش

شەوانە..

چەند کاتژمێر

لە تەک دەنگە مونکەرەکان..

خۆڵەمێشی تەلە پیرەکانی گەرووم

شەن دەکەیت..!؟

ئەی بە چ یاسایەك..

فرمێسکی پڕ لە حەسرەتم

دەکەیتە پلیکانەو

سەرمەستانە پیایاندا هەڵدەکشێی..!؟

*　　*　　*





بڕۆ..

بڕۆ بە بێدەنگی..

وەك رووبارەکەی "سیروانی شێخان"

پەتی کۆلارە سپیەکەشم لەملت سوورکەو

لە دوا لاپەڕەی هەموو ژمارەیەکی

گۆڤارەکەی دایکیشم

بڵێ..

نامەوەێ ئەستێرەیەك بم..!

حەزێك بم..!

*　　*　　*

برۆ..

بفرەو خێرا سەرکەوە

بۆ داوێنە ساردە بێهودەییەکان

وەرزی برا کوژی

ببە، گریان..

زریان..

باران..

ئەمە قەدەری منە

دەبێ لە جەژنی قوربان

گریان..!


ڕەفێکی گرینۆک

ئەمشەو

بادە بە جێماوەکەی

دیوانی شوانی باپیرە گەورەم

فرمێسک و..

ژانی تینوێتی و "توێڵ"ە چرچو لۆچەکەی..

بۆ چۆڕێ شەرابی ژێرخانی

بارە قەمبوورەکانی گاورباغی و

ئاخرِ حوسێن..!

بێهۆشتری دەکات..!

* * *





مەی گێرِ..

وەرە.. هەناسەکانم گەرمکەوە

وەرە.. دەسم بە دامانت

تێکە لەو تاڵییە

رۆحی من و بادە

زیاتری دەوێ..!

ئەم بادە، زۆر شیرینە..

روخساری لە پێکەکانی سەر مێزی ئەوان ناچێ..!

شەوانە..

نەسیمی بای نەشئە بەخشی هەناوی ئەو

بۆنی هەناسەو

هەنسکەکانی "یارۆ"م بۆ دێنێ..!

* * *

ئای خودایە..

دیسانەوە..

"دەف"ە بێ شەرم و گرینۆکەکەشم..

وەك "نیفەرتیتی" هات

لەپێ خۆری دەوێ..!!

واهات..

بە تەپاوتل..

چەرمە مۆرە سەر رووتەکەی خۆی، تەکانەوە

بەخێری بگێڕی..!





دەیەوێ..

بەبێ سۆراخ..

سەرشێتانە..

هەواڵی..

زەماوەندی حەزە پەمەییەکانم بنێژێ و

هەواڵێکی شوومی هەنگوینی ترم بۆ بێنێ..!

وەك پیشەی هەمیشەیی..

هەواڵی..

پووکانەوەی ڕۆژە پرتەقاڵییەکان

سەفەرێکی قووڵتری لە ناکاوی "یارۆ"

سەفەرێکی بێ هاودەمی

بێ خۆڵەمێش

هەژان..

خەریکە..

هەناوم دەپسێنێ..!

*  *  *





ئەی دەبێ ئێستا

لەم شەوە فرمێسکاوییە پڕ لە حەسرەتەدا

کێ چۆڕێ شەراب..

نەسیمی هەناسەی شۆخەو

بستێ تیشکی خۆرمان بۆ بێنێ..!

ده هەستە ساقی..

دڵنەواییمان بکە

دڵنەوایی..!

تۆزێ "چەرم"ەکەی گورجتر بکە

شەرابم لەم بادەیە دەوێ..!

کەژاوەی وەریوم، گەرمو سەوزترکە

بە تەقسێکی دۆزەخیانە..!





هەرچی "یار" و "پیری" موبارەکی نێو قوڵایی

"وەیل"یش هەس..!

بانگیان بکە..

بۆ هاودەمیمان..!

هاودەمی..

منو..

دەفو..

بادە سڕەکەی نێو ئەم حوجرە بێگیانە..!

سێ دەروێشی باڵ شکاوی ئەم زەمەنە بێ پەروایە

سێ دڵی خاوەوە بوو..

هەمیشە تینووی..

چۆڕێ شەراب..

لەپێ خـــــــــــــــۆر..

لێوی ئـــــــــــــــــــەو..!!

*   *   *

شەوی ٢٠٠٨/١٢/٣١

# پێڕست


وەرزی زامێکی چاو سەوز.......................................٩

مەرگێك بۆ گەڕانەوە.........................................٢٩

شنەی پەیڤە سەوزەکان.......................................٤٩

یاخی بوونی میوەکان.........................................٦٥

نەرمە سەمای کۆچ...........................................٨٣

دەفێکی گرینۆك............................................٩٧




## ئەو کتێبانەی ڕۆژنامەی سێبەر لە کەرکووک بە چاپی گەیاندوون

١. ئەنفالستان، شیعر، ئا: حەمە سەعید زەنگنە

٢. دیالۆگ، چاوپێکەوتن، سەباح ئیسماعیل

٣. خەمەکان لە ناخی منەوە چرۆ دەکەن، شیعر، فەهد شوانی

٤. بانۆڕامای بیرەوەری، شانۆ، عارف مەعرووف

٥. هەناسەیەك لە سێبەردا، شیعر، سمکۆ محەمەد

٦. رازی دڵ، شیعر، موتیع جەباری

٧. قطوف من الشعر الكوردي الحديث، شيعر، و: عەلی بەرزنجی

٨. الصِل، رواية، محمد سعيد زەنگنە

٩. باخەکانی ئاوات، چیرۆك، بەکر دەروێش

١٠. هەڵبژاردەیەك لە شیعری فەرەیدوون موشیری، شیعر، و: خالید عەبدل

١١. دراسات في جغرافية السكان، لێکۆڵینەوە، خالید مەجید

١٢. یەکەمین فیستیڤاڵی تەبایی و برایەتی، بەرنامە، ئا: عەباس جەمیل جێماو

١٣. دیمانە (بەرگی یەکەم)، چاوپێکەوتن، سەردار زەنگنە

١٤. بیرەوەری سۆزانییە خەمبارەکانم، ڕۆمان، و: عەلی بەرزنجی – فەیسەڵ هەمەوەندی

١٥. تیۆری ئەدەب، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، د. ئازاد عەبدولواحێد کەریم

١٦. دیمانە (بەرگی دووەم)، چاوپێکەوتن، سەردار زەنگنە

١٧. (ومضيت مع الحياة)، مجموعة قصصية، بكر درويش

١٨. زایەڵەی کۆچ، شیعر، محەمەد سابیر مەحموود

١٩. ڕێبازە ئەدەبییەکان، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، و: دکتۆر ئازاد عەبدولواحێد کەریم

٢٠. ئەسپی کاتژمێر چواری بەیانی، ڕۆمانی مێرد منداڵان، و: جەلال حەمید

# سوپاس.. بۆ

ئەم بەڕێزانە، کە هاوکارییان کردووم

* لقی کـەرکـووکی کۆمەڵەی هونەر وێژەی کوردی

ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە..

* حەمە سەعید زەنگنەی چیرۆکنووس

* دانـــا عـەســـــکـەری شاعیر